# ئەرکی حکومەتی فیدڕاڵ
# بەرامبەر بە ماف و شایستە داراییەکانی خەڵکی هەرێمی کوردستان

## ڕوانگەی حکومەتی هەرێم سەبارەت بە دۆسیەی نەوت



# پێشەکی

## ڕوانگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان
## لەبارەی ئیدارەدانی مەلەفی نەوت

حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان دوو کۆمپانیـای گشـتی دادەمەزرێنێـت ئەوانیـش کۆمپانیـای هەرێمـی کوردسـتان بـۆ نـەوت و غـاز (KROC) کـە تایبەتمەنـد دەبێـت لـە بـواری دۆزینـەوە و دەرهێنـان و بەرهەمهێنانـی نـەوت و غـاز، هەروەهـا کۆمپانیـای کوردسـتان بـۆ بەبازاڕکردنـی نـەوت (KOMO) کـە تایبەتمەنـد دەبێـت بـە بازاڕکردنـی نـەوت.

دەکـرێ لـە لایـەك هەماهەنگـی لـە نێـوان هـەر دوو کۆمپانیاکـە هەبێـت، لـە لایەکـی تـرەوە ئـەم هەماهەنگییـە لەگـەڵ کۆمپانیـای نەوتـی نیشـتمانی و کۆمپانیـای سـۆمۆ لـە بوارەکانـی هەمـان پەیوەنـدی هەبێـت، هـاوکات لەگـەڵ بوونـی هەمـان پەیوەنـدی و هەماهەنگـی لـە نێـوان وەزارەتـی نەوتـی فیـدڕاڵ و وەزارەتـی سـامانە سروشـتییەکانی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان. هەمـوو ئەمانـە و تەواوکردنـی سـتراکچەری کۆمپانیـای سـۆمۆ و هەموارکردنـەوەی پەیـڕەوی ناوخـۆی و کردنـی بـە دامەزراوەیەکـی فیدڕاڵـی پێویسـت بـە بڕیـاری هاوبـەش دەکات، کـە دەبێتـە مایـەی ئـەوەی هەرێمـی کوردسـتان بەشـدارییەکی ڕاسـتەقینە لـەو کۆمپانیایـە بـکات و پۆسـتی جێگـری سـەرۆکی کۆمپانیاکـە بـۆ ئـەو بـێ، هـاوکات لەگـەڵ بوونـی دوو نوێنـەری هەرێمـی کوردسـتان لـە بەڕێوەبـردن و جومگەکانـی کۆمپانیاکـە، هەروەهـا هەرێمـی کوردسـتان مافـی ڕەتکردنـەوە (ڤیتـۆ) ـی هەبێـت سـەبارەت بـەو پرسـانەی پەیوەندیـان بـە هەرێمـی کوردسـتانەوە هەیـە.

١. سـەبارەت بـە دۆسـیەی پابەندییـە داراییەکانـی پەیوەسـت بـە دەرئەنجامـی دۆسـیەی نـەوت و غـاز، بۆچوونـی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان لـەوەدا کـورت دەبێتـەوە کـە بـەردەوام بێـت لـە فرۆشـتنی بـڕی هەناردەکردنـی نـەوت لـە هەرێـم لـە ڕێگـەی هەمـان کۆمپانیـاکان، هـاوکات لەگـەڵ پێویسـتی دووبـارە چـاو خشـاندنەوە بـە گرێبەسـتەکان لـە ڕووی نـرخ و لابردنـی هەمـوو کـۆت و ئاسـتەنگەکان کـە کۆمپانیـای سـۆمۆ بەرانبـەر بـە پرۆسـەکانی فرۆشـتنی نەوتـی هەرێمـی

کوردسـتان داینـاوە.

٢. لـە بـارەی داهاتـی نەوتـی هەناردەکـراو لـە لایـەن هەریمـەوە، پێویسـتە ئـەم داهاتانـە بـۆ هەژمارێکـی بانکـی بگوازرێتـەوە کـە هەرێمـی کوردسـتان خـۆی هەڵیبژێـرێ و سەرپەرشـتی بەڕێوەبردنـی بـکات، هـاوکات لـە میانەیـەوە گواسـتنەوەی دارایـی بـۆ هەرێمـی کوردسـتان ڕاسـتەوخۆ بێـت بـۆ ئـەوەی شایسـتەی کۆمپانیاکانـی بەرهەمهێنـان و گواسـتنەوە بـدات، هەروەهـا ئـەوەی دەمێنێتـەوە بـۆ وەزارەتـی دارایـی و ئابـووری هەرێمـی کوردسـتان بگوازرێتـەوە وەك بەشـێك لـە پشـکی بودجـەی فیدڕاڵـی، تـا ئـەو کاتـەی کـە بەشـەکانی تـری لـە پشـکی بودجـەی فیدڕاڵـی لـە لایـەن حکومەتـی فیدڕاڵـەوە بـە دەسـت دەگات.

**ئـەوەی کـە لێـرە بـە دواوە دەیخوێننـەوە زانیـاری و داتـا و هەوڵـەکانی حکومـەتی هەرێمـی کوردسـتانە بـە مەبەسـتی چارەسـەرکردنی پرسـە هەڵپەسـێردراوەکانی تایبـەت بـە نـەوت و شایسـتە داراییـەکانی خەڵکـی هەرێمـی کوردسـتان لەگـەڵ بەغـدا.**



## بەشی یەکەم

### ساڵ: ٢٠١٩
### چوونی شاندی هەرێم بۆ بەغدا

١. پێکهێنانی لێژنەی هاوبەش لە نێوان حکومەتی فیدراڵ و حکومەتی هەرێمی کوردستان:
دوای متمانەدان بە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە لایەن پەرلەمانی کوردستان لە ١٠ ی تەمموزی ٢٠١٩ زایینی، شاندێک بە سەرۆکایەتی سەرۆکی حکومەت لە ١٦ی تەمموزی ٢٠١٩ سەردانی بەغدای کرد، ئەنجامی ئەم سەردانەش پێکهێنانی لێژنەیەکی باڵا بوو لە نێوان هەردوولا.

٢. لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٧/٢٥ی زایینی، حکومەتی هەرێمی کوردستان کارنامەیەکی پێشکەش کرد بۆ چارەسەرکردنی هەموو ئەو گرفتانەی بە هەڵواسراوی لە نێوان هەرێم و حکومەتی فیدراڵ ماونەتەوە، گرفتەکانیش بریتین لە:
- پرسی ناوچە کێشە لەسەرەکان
- پرسی نەوت و غاز
- پرسە داراییەکان
- پرسی پشکی هەرێمی کوردستان لە بودجەی گشتی فیدراڵی.

ئەم کارنامەیەش لە یەکەمین کۆبوونەوەی لێژنەی باڵای هاوبەش لە ڕێکەوتی ٢٠١٩/٧/٢٥، گفتۆگۆی لەسەر کرا و حکومەتی هەرێم جەختی لەسەر پابەندبوونی خۆی لە بواری نەوت و دارایی کردووە بەرامبەر پێدانی ماف و شایستە داراییەکانی هەرێم.



## ساڵ: ٢٠٢٠
## ڕێککەوتن لەگەڵ حکومەتی عادل عەبدولمەهدی

لە حکومەتەکەی د.عادل عەبدولمەهدی، لەسەر یەکەمین پڕۆژەی بودجەی گشتی فیدراڵی بۆ ساڵی ٢٠٢٠ ڕێککەوتن کرا.
لەمبارەیەوە شاندێکی حکومەتی هەرێم بە سەرۆکایەتی وەزیری دارایی و ئابووری، چەندین کۆبوونەوەی گرنگی لەگەڵ نوێنەرانی حکومەتی فیدراڵ ئەنجام دا لەم کۆبوونەوەیەش ڕێککەوتنی هاوبەشی نێوان هەردوولای لێکەوتەوە، لەبارەی پڕۆژەیاسای بودجەی فیدراڵی بۆ ساڵی دارایی ٢٠٢٠، لەم پڕۆژە یاسایەدا جەخت لەسەر پابەندییەکانی هەرێمی کوردستان کراوەتەوە بەتایبەت نەوت و دارایی، کارنامەی بنەما سەرەتاییەکانیش بەم شێوەیەیە:

١. حکومەتی هەرێمی کوردستان پابەند دەبێت بە پێدانی ٢٥٠ هەزار بەرمیلی نەوتی خاوی بەرهەمهێنراو بە کۆمپانیای (سۆمۆ) داهاتەکانیش لە ئەژماری حکومەتی فیدراڵ دادەنێت، لەگەڵ ئاگادارکردنەوی (سۆمۆ) دەربارەی هەموو گرێبەستەکانی رابردووی لەگەڵ کۆمپانیا نێودەوڵەتییەکان، هەروەها نرخ و بەهای گواستنەوەی نەوتە خاوەکە، ڕێککەوتنی فرۆشتنی نەوت بۆ ئەو کۆمپانیایانە لەسەر بنەمای ڕێککەوتنی نێوان حکومەتی هەرێم و ئەو کۆمپانیایانە دەکرێت.

٢. ڕێککەوتن لەسەر ئەوە کرا توانای بەرهەمهێنانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی ٢٠٢٠ بڕی ٤٥٠ هەزار بەرمیل بێت لە ڕۆژێکدا، هەروەها حکومەتی هەرێم هەموو زانیاری و داتای تایبەت لەو بڕەی دەمینێت لە بەرهەمی گشتی هەرێم بە تێچووی پێشبینیکراو پێشکەش بکات بە بڕی ٢٠٠

هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا، لەم بارەوەش چەندین ڕاپۆرت بە وردەکاریی لەبارەی بەرهەمهێنانی نەوت لە کێڵگەکانی هەرێم و هەناردەکردن و فرۆشتن و بەکارهێنان و سەرمایەگوزاریی و وردەکاریی خەرجی تایبەت بە پرۆسە و کاروباری تایبەت بە نەوت پێشکەشی وەزارەتی نەوتی فیدراڵ کران.

٣. گواستنەوەی داهاتە نەوتییەکان لەسەر ئاستی عێراقی فیدراڵ بۆ وەزارەتی دارایی فیدراڵ، بەپێی حوکمی یاسایی کارگێری دارایی فیدراڵ ژمارە (٦) بۆ ساڵی ٢٠١٩ی زایینی.

لە بەرامبەر ئەم خاڵەدا، پشکی هەرێمی کوردستان بە بڕی ١٢ تریلیۆن و ٥٧٧ ملیارو ٨٧ ملیۆن و ٢٢ هەزار دینار دەستنیشان کرا، کە دەکاتە (٨٥٧ ملیۆن دۆلار بۆ هەر مانگێک)، ئەمە جگە لە گوژمەی گواستنەوەی نەوت لە کێڵگەکانی هەرێم بەبڕی ٢٩ ملیۆن دۆلار بۆ هەر مانگێک و لەسەر بنەمای کۆی گشتی خەرجی فیعلی (خەرجی ڕەوەن) و(النفقات الجاریە و خەرجی پرۆژەکانی وەبەرهێنان)، بەڵام بارودۆخی سیاسی ئەوکات و دەستلەکارکێشانەوەی حکومەتی د.عادل عەبدولمەهدی ڕێگر بوون لەوەی ئەم پرۆژەیە پێشکەشی ئەنجومەنی نوێنەران بکرێت.





## ساڵ: ٢٠٢٠
## ڕێککەوتن لەگەڵ حکومەتەکەی مستەفا کازمی

شاندی هەرێم لە ١٥ ئابی ٢٠٢٠ لەگەڵ حکومەتی تازەی عیراق بە سەرۆکایەتی مستەفا کازمی کۆ بوونەوە و گەیشتنە ڕێککەوتنێک کە دەکرێت بەم شێوەیە باسی بکەین:

١. حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕەزامەندی خۆی لەسەر نامەی وەزیری دارایی فیدراڵ د.عەلی عەبدولئەمیر عەلاوی (ژمارە ٨٠٢) لە ٢٠٢٠/٥/١٩ی زایینی، لەسەر ئەم بنەمایە چەندین کۆبوونەوە لەنێوان نوێنەرانی حکومەتی فیدراڵ و هەرێمی کوردستان ئەنجام درا، لە ئەنجامدا ڕێککەوتن لەبارەی چەندین بەندی تایبەتییەوە کرا بۆ یەکلاییکردنەوەی پرسە داراییە هەڵواسراوەکان، ئەم خاڵەش ئەمینداریەتی گشتیی ئەنجومەنی وەزیرانی فیدراڵ بە نووسراوی ژمارە (١٣٢٢٩) لە ڕێککەوتی ٢٠٢٠/٨/١٥ی زایینی جەختی لەسەر دەکاتەوە.

ئەم ڕێککەوتنە ئاماژە بەوە دەکات:

- پێویستە وەزارەتی دارایی فیدراڵ مانگانە بڕی ٣٢٠ ملیار دینار بۆ هەرێمی کوردستان بنێرێت وەک بەشێک لە خەرجییەکانی هەرێم.
- ئەم بڕە پارەیەش لەسەر بنەمای هاوکێشەیەکی ژمێریاری دەستنیشان کراوە.
- ئەو بنەما هاوکێشییە ژمێریارییەش بریتییە لە خەمڵاندنی حکومەتی فیدراڵ بۆ ئەو داهاتە نەوتییانەی لە هەرێمی کوردستان بەرهەم دەهێندرێن و داهاتەکانی دیکەی هەرێم.
- ئەمەش دەیسەلمێنێت کە حکومەتی فیدراڵ بڕی هەموو داهاتەکانی هەرێمی کوردستانی بە داهاتی نەوتی و داهاتەکانی دیکەی لە شایستە فیعلییەکانی هەرێمی کوردستان لە بودجەی

فیدراڵ بڕیوە.

٢. بە پێی یاسای بودجەی گشتی فیدراڵ، پشکی هەرێمی کوردستان ١٢,٦٧٪ بوو، بەڵام هەرێمی کوردستان بڕی تەنیا ٣٢٠ ملیار دیناری لە حکومەتی فیدراڵەوە پێ دەگەیشت، سەرەڕای ئەم ڕێککەوتنەش هەرێمی کوردستان هیچ بڕە پارەیەکی لە بری مانگەکانی (ئایار، حوزەیران، تەمموز و تشرینی یەکەم)ی ٢٠٢٠ وەرنەگرتووە و هیچ پاساوێکیش بۆ ئەم نەناردنە نەبوو، جگە لەوەش هیچ بڕە پارەیەک بۆ مووچەی پێشمەرگە خەرج نەکراوە، سەرەڕای دانانی خەرجی پێشمەرگە وەک بەشێک لە دەرماڵەکانی وەزارەتی بەرگری، بۆ زانیاریش ڕێککەوتن کراوە لەسەر پڕۆژەی دووەمی یاسای بودجەی گشتی فیدراڵی بۆ ساڵی ٢٠٢٠ و ناردراوە بۆ ئەنجومەنی نوێنەران.




## تێپەڕاندنی یاسا بە پێچەوانەی بنەماکانی دەستوور

تێپەڕاندنی یاسای پڕکردنەوەی کورتهێنانی دارایی بۆ ساڵی ٢٠٢٠ لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانەوە بە پێچەوانەی بنەماکانی دەستوور:

جگە لە ناڕەزایی هەرێم لەبارەی تێپەڕاندنی یاسای پڕکردنەوەی کورتهێنانی دارایی بۆ ساڵی ٢٠٢٠ لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بەبێ بەشداری نوینەرانی فراکسیۆنە کوردستانییەکان، دەقی ماددەی (٧)ی ئەم یاسایە دەڵێت: پشکی هەرێمی کوردستان لە کۆی گشتی خەرجی فیعلی (خەرجی ڕەوەن - جاری و پڕۆژەی وەبەرهینان) ئەژمار دەکرێت هەروەها مەرجی بۆ ئەم خەرجیانە داناوە بۆ هەرێم بریتییە لە ڕادەستکردنەوەی نەوتی هەرێم جگە لە داهاتی دیکەی نەوتی.

## هەڵوێستی حکومەتی هەرێمی کوردستان

حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان جەخـت لەسـەر هەڵوێسـتی خـۆی کردووەتـەوە. هەڵوێسـتی خـۆی بـە پێـی هـەردوو نـووسراوی ژمـارە (١٨٣٩) ڕێکەوتـی ٢٠٢٠/١٠/٥ و ژمـارە (٣٧٩) لـە ڕێکەوتـی ٢٠٢٠/١٠/١٨ دووپـات کـردەوە، جەخـت لەسـەر ئـەم خاڵانـە دەکاتـەوە:

١. ڕادەسـتکردنی ئـەو داهاتـەی لـە ئەنجامـی فرۆشـتنی نەوتـی هەرێمـی کوردسـتان هاتـووە، هەروەها پشتبەسـتن بـە حوکمـی یاسـای کارگێریـی دارایـی فیدراڵـی ژمـارە (٦) بۆ سـاڵی ٢٠١٩.

٢. دەرچوواندنـی یاسـاکانی (نـەوت و غـازی فیـدراڵ، دابەشـکردنی داهاتـی فیـدراڵ، کۆمپانیـای نەوتـی نیشـتمانی، کۆمپانیـای فرۆشـتنی نـەوت).

٣. ڕادەستکردنی داهاتی دەروازە سنوورییەکان بەو ڕێژەیەی لە یاساکەدا بڕیاری لەسەر دراوە.

٤. بـە دووپاتکردنـەوەی پرەنسـیپی شـەفافیەت پشتبەسـتن بـە حوکمـی بڕگـەی/دووەم، بەنـدی /ب لـە مـاددەی (٣٤)ــی یاسـای کارگێریـی دارایـی فیـدراڵ ژمـارە (٦) بۆسـاڵی ٢٠١٩.

٥. حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان هیـچ لارییەکـی نییـە لەبـارەی بەڕێوەبردنـی گومرگـەکان بـە پێـی حوکمـی بڕگـەی/ یەکـەم لـە مـاددەی (١١٤)ــی دەسـتووری عیراقـی فیـدراڵ.

٦. حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان وای دەبینێـت ئـەو بـڕە پارەیـەی حکومەتـی فیـدراڵ بـە قـەرز وەریدەگرێـت پێویسـتە ڕێژەیەکـی دادپەروەرانـەی لـێ دیـاری بکرێـت بـۆ هەرێمـی کوردسـتان، ئـەم پرسـەش بـە ڕوونـی لـە مـاددەی (١٠٦) ی دەسـتووری عێـراق جەختـی لەسـەر کراوەتـەوە.

٧. حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان ئامادەیـی خـۆی نیشـان دەدات بـۆ پاڵپشـتیکردنی حکومەتـی فیدراڵ لـە بـواری وزەدا، بـە هـەر دوو دۆسـیەی کارەبـا و غازیشـەوە، بـە پێـی ئـەو ڕێـکارە یاساییانەی هـە ردوو لا لەسـەری ڕێـک کەوتـوون.

٨. نـووسراوی حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان/ نووسـینگەی سـەرۆک وەزیـران ژمـارە (٥٠٠) لـە ٢٠٢٠/١١/٢٦:

لـە کۆبوونـەوەی ژمـارە (٤٥) لـە ڕێکەوتـی ٢٠٢٠/١١/٢٥ سـەرۆکوەزیرانی هەرێمی کوردسـتان پەیامێکی بـۆ سـەرۆکی حکومەتـی فیـدراڵ نـارد، تیایـدا جەخت لەسـەر هەڵویسـتی نەگـۆڕی حکومەتـی هەرێمی کوردسـتان دەکاتـەوە لەگـەڵ دیـدی حکومـەت بـۆ گەیشـتن بـە ڕێککەوتـن لەگـەڵ حکومەتـی فیـدراڵ لەبـارەی پـڕۆژ یاسـای بودجـەی فیـدراڵ بۆ سـاڵی ٢٠٢٠.

## کارنامەی حکومەت بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ پرسە بنەڕەتییەکان:

ئاڕاستەی حکومەتی هەرێمی کوردستان سەبارەت بە کێشە بنەڕەتییەکان لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ کە لە ٢٥ی تەمموزی ٢٠١٩ دەرچووە، سێ ناونیشانی سەرەکی لە خۆ گرتووە، کە تایبەتن بە:

**یەکەم:** ناوچە جێناکۆك لەسەرەکان

**دووەم:** دۆسیەی نەوت و غاز

**سێیەم:** بابەتە داراییەکان و بودجەی گشتی فیدراڵی.

■ سەبارەت بە دۆسیەی نەوت و غاز وەك پرسێکی تری نێوان هەردوو حکومەتی فیدراڵ و حکومەتی هەرێمی کوردستان پشت بە چەند بنەمایەك بەستراوە بۆ ئامادەکردنی ئەم کارنامەیە.

**بنەمای یەکەم:**

پشت بەستن بە دەستووری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ بۆ دیاریکردنی دەسەڵاتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و دەسەڵاتەکانی فیدراڵی تایبەت بە نەوت و غاز.

**بنەمای دووەم:**

پشت بەستن بە بنەمای سازان و هاوبەشی ڕاستەقینە و هاوسەنگی (التوافق، والشراکة الحقیقیة، والتوازن).

**بنەمای سێیەم:**

پشتبەستن بە بڕی پارەی جێگیرکراو لە یاساکانی بودجەی ساڵانەی فیدراڵی و خشتەی خەرجییە خەمڵێندراوەکان بۆ دیاریکردنی پشك و شایستەکانی هەرێمی کوردستان لەوەتەی ساڵی دارایی ٢٠١٤ تا کۆتایی ساڵی دارایی ٢٠١٨، هاوکات لەگەڵ ڕەچاوکردنی داهاتە بەدەستهاتووەکانی هەناردەکردنی نەوتی بەرهەمهێنراوی کێڵگە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان و خەرجی و شایستەی کۆمپانیا نەوتییەکان و تێچووی گواستنەوە و هەناردەکردن، لەوەتەی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٤ـەوە دەستی بە هەناردەکردنی نەوتی خاو کردووە لە ڕێگەی بۆری

نەوتی هەرێمی کوردستان – جەیهان لە مانگی ئایاری ٢٠١٤ بە مەبەستی یەکلاییکردنەوە.
بنەمای چوارەم: دەستەبەرکردنی شایستەکانی هەرێم تایبەت بە مینحە و هاوکاری و قەرزەکان کە حکومەتی فیدراڵی لەوەتەی ساڵی ٢٠٠٥ەوە بە دەستی هێناوە، ئەمەش بە پێی بڕگەی یەکەم لە ماددەی ١٠٦ی دەستوور حکومەتی هەرێمی کوردستان دەتوانێت سوودمەند بێت.

ئاڕاستەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ پشتبەستن بە چارەسەرییەکی دادپەروەرانە و لە ڕێگەی سازانەوە، چەند ماوەیەك لە خۆ دەگرێت:

**یەکەم:** ماوەی نێوان ئایاری ٢٠١٤ تا کۆتایی ٢٠١٨، کە ئەمەش چەند خاڵێك دەگریتەوە.

١. حکومەتی هەرێمی کوردستان بەوپەڕی شەفافییەوە سەرجەم زانیاریی و داتا و بەڵگەنامەکانی تایبەت بە کۆی گشتی نەوتی خاوی بەرهەمهاتوو لە ماوەی ساڵی ٢٠١٤ تا کۆتایی ٢٠١٨ دەخاتە ڕوو.

٢. داشکاندنی بڕی نەوت کە مافی هەرێمی کوردستان بۆ بەکارهێنانی ناوخۆیی بەکاری بهێنێتەوە هاوشێوەی سەرجەم پارێزگاکانی عێراق.

٣. هەژمارکردنی بڕی نەوتی بەرهەمهێنراوی ساڵانە وەك داهاتی ساڵانەی بەدەستهاتووی ڕاستەقینە بۆ بەرژەوەندی هەرێمی کوردستان، پاش لێدەرکردنی بڕی پارەی دراو لە لایەن حکومەتی هەریمی کوردستان بە کۆمپانیا نەوتییەکان و تێچووی گواستنەوە و هەناردەکردنی نەوت.

٤. دیاریکردنی پشك و شایستەکانی هەرێمی کوردستان بە گوێرەی بڕە جێگیرکراوەکانی خەرجییە خەمڵێندراوەکان لە یاسای بودجەی گشتی فیدراڵی ساڵی ٢٠١٤ تا کۆتایی ساڵی ٢٠١٨ و خشتە هاوپێچکراوەکان.

٥. هەژمارکردنی بڕی کورتهێنان لە داشکاندنی بڕە هەژمارکراوەکان بە پێی میکانیزمێك.

**دووەم:** مانگە ماوەکانی ساڵی دارایی ٢٠١٩

لە ئەگەری ڕێککەوتن لەسەر یەکلاییکردنەوەی هەژمارەکان لە ماوەی ساڵی ٢٠١٤ تا کۆتاییەکانی ساڵی ٢٠١٨، هەردوولا دەست بە دانوستان دەکەن سەبارەت بە یەکلاییکردنەوەی دۆسیە هەڵواسراوەکانی تایبەت بە ساڵی دارایی ٢٠١٩ و ڕێککەوتن سەبارەت بە مانگە ماوەکانی هەمان ساڵ.

**سێیەم:** پرسە داراییەکان و بودجەی گشتی فیدراڵی

١. هەژمارنەکردنی کۆی گشتی تێچوو و خەرجییەکانی بەرهەمهێنان و هەرناردەکردن و گواستنەوەی نەوتی خاوی هەرێمی کوردستان.

٢. کەمکردنەوەی پشکی ١٧٪ هەرێمی کوردستان لە خەرجییە خەمڵێندراوەکان لە ساڵی ٢٠٠٥ تا ٢٠١٤ بۆ ڕێژەی ١٢،٦٧٪ لە کۆی گشتی خەرجییە ڕاستەقینەکان نەك خەرجییە خەمڵێنراوەکان لەوەتەی ساڵی ٢٠١٥ـەوە.

٣. قەرز و پابەندییە داراییەکان کە دەکەونە ئەستۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەهۆی خەرجنەکردنی مافەکانی هەرێمی کوردستان لە بودجەی گشتی فیدڕاڵی لەوەتەی شوباتی ٢٠١٤ـەوە، هاوکات لەگەڵ تێچووی جەنگی دژ بە ڕێکخراوی داعش و دابینکردنی پێداویستییەکانی زیاتر لە ملیۆنێك و ٨٠٠ هەزار ئاوارەی سووری و پارێزگاکانی عێراق و بێبەشکردنی هەرێمی کوردستان لە ماف و شایستە دەستوورییەکانی وەك مینحە و هاوکارییەکان و قەرزە نێودەوڵەتییەکان.

٤. دیاریکردنی ژمارەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان لە بودجەی فیدڕاڵی بە ٦٨٢ هەزار و ٢١ فەرمانبەر لەوەتەی ساڵی ٢٠٠٥ تا ساڵی ٢٠١٩.

٥. زیادبوونی ڕێژەی خەرجییە سیادییەکان لە ئاستی ئاسایی خۆی لە کۆی خەرجییەکان و کاریگەرییەکانی بەسەر پشکی هەرێمی کوردستان لەوەتەی ساڵی ٢٠٠٥.

٦. خەرجنەکردنی شایستەکانی هێزی پێشمەرگە سەرەڕای بوونی دەقی ڕاشکاو لە یاساکانی بودجەی گشتی فیدڕاڵی.

٧. بێبەشکردنی هەرێمی کوردستان لە پشکی ئیزافی بە گوێرەی حوکمەکانی هەردوو ماددەی (١١٢/ یەکەم) و (١٣٢/ یەکەم)ی دەستوور وەك قەرەبووکردنەوەی زیانە مرۆیی و ماددی و ژینگەییەکان و فەرامۆشکردنی بەئەنقەستی ژێرخانی هەرێمی کوردستان.

٨. پشکی هەرێمی کوردستان لە بڕی خەرجییەی حاکمە لە یاساکانی بودجەی گشتی فیدڕاڵی ساڵانە کە تایبەتە بە دابینکردنی پسوولەی بەشەخۆراکی مانگانە و دەرمان و کڕینی وزە و سووتەمەنی بۆ وێستگەکانی کارەبا و پشتگیریکردنی کڕینەوەی بەروبومی دانەوێڵە و پشتگیریکردنی جووتیاران، زۆر کەمترە لە پێداویستییە ڕاستەقینەکانی هەرێمی کوردستان.

## بەشی دووەم

# دیوانی ئەنجوومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان نووسراوی بۆ ئەمینداریيەتی گشتی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقی فیدراڵ کردووە کە خۆی وەڵامی «نووسراوی ژمارە ٨٨٥٧/٥/٢ لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٤/١ـە کە ئاراستەی وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێم کرابوو بۆ ڕاگرتنی خەرجکردنی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان» و لە وەڵامیدا هاتووە:

**یەکەم:** سیاسەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان پێشتریش و تا ئێستاش ئامانجی چارەسەکردنی کێشەکانە لەگەڵ حکومەتی فیدڕاڵ بە پێی دەستوور و پشت بەستن بە ماددەکانی بەو پێیەی هەرێمی کوردستان قەوارەیەکی دەستوورییە لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقی فیدڕاڵ.

**دووەم:** دەستوور مافی بەشداریکردنی وەک بنەمایەکی دامەزرێنەری سیستەمی فیدراڵی بۆ ئەو هەرێم و پارێزگایانە مسۆگەر کردووە کە لە دەسەڵاتی فیدراڵیدا بە پێی بنەماکانی یەکسانی و دەرفەتی یەکسان و دادپەروەری ڕێک نەخراون بۆ هەرێمێک، کە ناکرێت دروست ببێت بەبێ بوونی بنەمای یەکسانی لە نێوان هاووڵاتیانی هەرێمەکان و پارێزگاکانی تری عێراق لە ڕووی سوود وەرگرتن و پیادەکردنی مافەکانیان، لە ناویشیاندا مووچە و شایستە داراییەکانی فەرمانبەران، لە ڕاستیدا فەرمان کردن بە ڕاگرتنی خەرجکردنی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان پێشێلکارییە، بە تایبەتی خەرجکردنی مووچەی فەرانبەرانی حکومەتی فیدڕاڵ لە پازدە پارێزگا عێراقییەکەی تر بە ئاسانی دەڕوات بەبێ بوونی هیچ لێدوانێك لەسەر

مەرجەکان، جەخت دەکەینەوە کە فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان هیچ جیاوازییەکیان لەگەڵ فەرمانبەرانی تەواوی بەشەکانی تری عێراق نییە و لە چوارچێوەی قەوارەی یەك دەوڵەتدا خزمەتی گشتی جێبەجێ دەکەن.

**سێیەم:** لە ماددەی (٥٦)ـی یاسای کارگێڕی دارایی فیدڕاڵی ژمارە (٦)ـی ساڵی ٢٠١٩ دا هاتووە کە لە وادەی دەرچوونییەوە دەست دەکرێت بە ساڵی دارایی داهاتوو، هەروەها ماددەی یەکەم/ بڕگەی (نۆیەم) لە ساڵی دارایی وا پێناسەی کردووە کە بریتییە لەو ماوەیەی کە تێیدا یاسای بودجەی گشتی فیدڕاڵی جێبەجێ دەکرێت، بە شێوەیەك یاسای بودجەی گشتی فیدڕاڵی بۆ ساڵی ٢٠٢٠ تا ئێستا بڕیاری لەسەر نەدراوە، بۆیە ساڵی دارایی تا ئێستا دەستی پێ نەکردووە، ئەمەش واتای وایە کە ئەم یاسایە نەچووەتە واری جێبەجێکردن، هاوکات لەگەڵ دەرنەکردنی ڕێنماییەکان کە کارئاسانی بۆ جێبەجێکردنی یاساکە دەکات لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە بە گوێرەی ماددەی ٥٤ی یاساکە، هەروەها نوێنەرانی وەزارەتی دارایی فیدڕاڵی جەختیان لەسەر پێویستی دەرکردنی ئەو ڕێنماییانە کردەوە لە میانی کۆبوونەوەیان لەگەڵ نوێنەرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ٣٠ی نیسانی ٢٠٢٠ لە بەغدا.

**چوارەم:** بۆ سەپاندنی ڕاستی جێبەجێکردنی یاسای بەڕێوەبردنی دارایی، بڕگەی یەکەم لە ماددە (١٣)ـی یاساکە، وەزیری دارایی پابەند کردووە بە دەرکردنی گشتاندن بۆ خەرجکردن بە ڕێژەی ١٢/١ لە کۆی گشتی خەرجییە ڕاستەقینەکانی تایبەت بە خەرجییەکانی ساڵی دارایی ڕابردوو واتە ساڵی (٢٠١٩) و لەسەر بنەمای مانگانە تاکو پەسندکردنی یاسای بودجەی گشتی ساڵی ٢٠٢٠، هەروەها بڕگەی سێیەمی هەمان ماددە زانیارییە کۆتاییەکانی دارایی ساڵی ڕابردوو (٢٠١٩)ـی لەسەر بنەمای زانیارییە داراییەکانی ساڵی ٢٠٢٠ دیاری هەژمار کردووە.

**پێنجەم:** هەرێم مانگانە مافی خۆیەتی ١٢/١ـی خەرجییە ڕاستەقینەکانی خەرجییە داراییەکانی ساڵی دارایی ٢٠١٩ وەربگرێت وەك تەواوی پارێزگاکانی تری عێراق و بە پێی خشتەی ژمارە (١) ـی هاوپێچکراو، لەو کاتەی هەروەها پێچەوانەی ماددەکانی یاسای کارگێڕی دارایی ماوەی سێ مانگی یەکەمی ساڵی ٢٠٢٠ هیچ خەرجییەك لە شایستە داراییەکان بۆ هەرێمی کوردستان خەرج نەکراوە، جگە لە خەرجییە ڕاستەقینەکانی تایبەت بە دابینکردنی قەرەبووکردنەوەکانی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان کە دەگاتە ٤٥٢ ملیار دینار، کە ئەمینداریەتی گشتی ئەنجومەنی وەزیرانی داوای ڕاگرتنی دەکات، کە ئەمەش پێشلکاری ئەو یاسایە کە پشتی پێ

دەبەستریٚت.

**شەشەم:** ماددەی (١٠/ دووەم-ج) لە یاسای بودجەی گشتی فیدراڵی بۆ ساڵی دارایی ٢٠١٩ حکومەتی فیدراڵ پابەند دەکات بە دانی شایستەکانی هەریٚمی کوردستان لە ناویشیاندا قەرەبووکردنەوەی فەرمانبەران و برینی بڕی زیانەکان لە پشکی هەریٚمی کوردستان لە ئەگەری ڕادەستنەکردنی ئەو بڕە نەوتەی کە بڕیاری لەسەر دراوە، هەروەها وەزارەتی دارایی فیدراڵ بڕی ٤٥٢ ملیار دیناری مانگانەی بۆ هەریٚمی کوردستان دابین کرد وەك خەرجییەکان و قەرەبووکردنەوەی فەرمانبەران کە کۆی گشتی ساڵانە دەگاتە پیٚنج تریلیۆن و ٢٢٨ ملیار دینار لە کۆی گشتی پشکی هەریٚمی کوردستان لە بودجەی خەرجی جاری و خەرجی وەبەرهیٚنان لە ساڵی ٢٠١٩ کە دەکاتە بڕی ١٠,٥٩٩,٠٢٥,٨١١ دینار لە ناویشیاندا دابینکردنی مووچەی پیٚشمەرگە کە دەکاتە بڕی ٨١٦ ملیار دینار لە چوارچیٚوەی خشتەی خەرجییە سیادییەکان، بەڵام هیچ بڕە شایستەییەکی تری هەریٚمی کوردستان لە ناویشیاندا مووچەی هیٚزەکانی پیٚشمەرگە خەرج نەکراوە وەك جیٚبەجیٚکردنی ماددەی (١٠/ دووەم-ج) لە یاسای بودجەی گشتی فیدراڵی بۆ ساڵی دارایی ٢٠١٩. کۆی گشتی ئەو بڕەی کە دەبوو بە هەریٚمی کوردستان بدریٚت، بەڵام کە نەدراوە وەك لە خشتەی ژمارە (٢)ـی هاوپیٚچکراو دەردەکەویٚت، زیاترە لە بەهای ئەو زیانەی کە بەر داهاتی گەنجینەی گشتی فیدراڵی کەوتووە لە ئەنجامی ڕادەستنەکردنی بڕی ٢٥٠ هەزار بەرمیل نەوتی ڕۆژانە بە کۆمپانیای سۆمۆ لە لایەن هەریٚمی کوردستانەوە.

**حەوتەم:** پشت بەستن بە بڕگەی پیٚنجەمی ماددەی (٢٧)ـی یاسای کارگیٚڕی دارایی بۆ ڕاگرتنی خەرجکردنی مووچەی فەرمانبەرانی هەریٚمی کوردستان بۆ ساڵی ٢٠٢٠ بەهۆی کۆمەڵیٚك هۆکارەوە جیٚبەجیٚ نەکراوە، لەوانە:

١. ماددەی (٢٧) لە یاساکە، وەزارەتی دارایی ڕاسپاردووە بە دابەزاندنی (مبالغ المترتبة) لەسەر حەواڵەنەکردنی داهاتی نەوت و غاز و هەر بابەتیٚکی تر لە لایەن هەریٚمی کوردستانەوە لەوانەش (تەمویلکردنی ساڵانەی هەریٚمی کوردستان) نەك لەسەر بنەمای مانگانە، جیٚبەجیٚکردنی ئەمە پیٚویست بە دیاریکردنی پارەدارکردنی ساڵانەی هەریٚمی کوردستان دەکات بە پیٚی یاسای بودجەی گشتی فیدراڵ بۆ ساڵی دارایی ٢٠٢٠ بۆ ئەوەی وەزارەتی دارایی دەست بە دابەزاندنی داهاتەکان بکات.

٢. خەرجکردنی ڕیٚژەی ١٢/١ لە کۆی گشتی خەرجییە ڕاستەقینەکان بۆ خەرجییە جارییەکانی هەریٚمی کوردستان بۆ ساڵی دارایی ساڵی ڕابردوو واتە (٢٠١٩) لە لایەن وەزارەتی داراییەوە

لەسەر بنەمای مانگانە تا ئەو کاتەی یاسای بودجەی گشتی بۆ ساڵی ٢٠٢٠ پەسند دەکرێت، ڕێکارێکی یاساییە و پشت بەستووە بە حوکمەکانی بڕگەی یەکەم لە ماددەی ١٣ـی یاسای کارگێڕی دارایی کە بە شێواز (صیغة)ـیەکی ڕەها هاتووە بێ بوونی هیچ لێدوانێك لەسەر جێبەجێکردنی بڕگەی پێنجەم لە ماددەی ٢٧ی یاساکە، هەروەها هیچ بۆچوون و ئیجتیهادێك لە ناوەڕۆکی دەقەکە بوونی نییە، بۆیە هەڵپەساردنی خەرجکردنی ڕێژەی ١٢/١ بۆ هەرێمی کوردستان هیچ بەڵگەیەکی یاسایی نییە، چونکە لە یاساکەدا هیچ دەقێك نییە بۆ هەڵپەساردنی خەرجکردنی ئەم ڕێژەیە لەسەر بنەمای دابەزاندنی (مبالغ المترتبة) بەهۆی حەواڵەنەکردنی داهاتەکان لە لایەن هەرێمی کوردستانەوە.

٣. بڕی ئەو زیانەی بەر گەنجینەی گشتی کەوتووە بەهۆی ڕادەستنەکردنی ئەو بڕە نەوتەی کە دەبوو هەرێمی کوردستان بیدات لە لایەن وەزارەتی دارایی فیدڕاڵ بۆ ساڵی ٢٠١٩ دابەزێندراوە، بەڵام ئەم پرسە بۆ ساڵی دارایی ٢٠٢٠ پێویستی بە دەرکردنی یاسای بودجەی گشتی فیدڕاڵی بۆ ساڵی ٢٠٢٠ هەیە کە پڕۆژەیاساکەی بە ڕێککەوتن لە لایەن هەر دوو حکومەتی فیدڕاڵ و حکومەتی هەرێمی کوردستان لە مانگی کانوونی یەکەمی ٢٠١٩ ئامادە کراوە، کە تێیدا پابەندییە دارایی و نەوتییەکانی هەرێمی کوردستانی دیاریکراوە بەرامبەر بە خەرجکردنی شایستە داراییە جێگیرکراوەکان لە یاسای بودجەی گشتی فیدڕاڵی بۆ ساڵی دارایی ٢٠٢٠، بەم شێوەیە لە ئێستادا میکانیزمێکی ڕوون بۆ دیاریکردنی چۆنیەتی دابەزاندنی داهاتەکان و خەرجی ساڵانەی هەرێم بوونی نییە، کە ئەم بابەتەش پێویستی بە دەقێك هەیە لە چوارچێوەی یاسای بودجەی گشتی فیدڕاڵی بۆ ساڵی دارایی ٢٠٢٠ یانیش لە میانی لیژنەیەك کە لە میانی کۆبوونەوەیەکی هاوبەش بە بەشداری بەڕێزتان و بەڕێزان وەزیری دارایی فیدڕاڵ و نوێنەرانی هەرێمی کوردستان لە ٢٠ـی نیسانی ٢٠٢٠ بە ڕێوە چوو، پێشنیاز کرا.

٤. جەخت لەسەر پابەندبوونی تەواوەتی دەکەینەوە لەو لێکتێگەیشتنەی کە لەگەڵ ئێوەدا لە مانگی کانوونی یەکەمی ٢٠١٩ دروست بووە لە چوارچێوەی یاسای بودجەی گشتی فیدڕاڵی بۆ ساڵی ٢٠٢٠، هیواداریـن کـە ڕەوانـەی ئەنجومەنی نوێنـەران بکرێت لـە ئەگەری پێکهێنانی کابینەی نوێ، کە بارودۆخی ئەم دواییانەی عێراق حکومەتیان هەڵوەشاندەوە و کابینەی ئێستای حکومەت دەستی لە کار کێشایەوە و ئێستا بووەتە حکومەتی کاربەڕێکەر، کە بەهۆیەوە ئەم حکومەتە ناتوانێت پڕۆژەیاسای پێشکەش بە ئەنجومەنی نوێنەران بکات.

**هەشتەم:** سەرەڕای ئەوەی پێشمەرگە بە پێی دەستوور بەشێکە لە سیستمی بەرگری عێراق

و چەندین قوربانی داوە بە تایبەت لە ڕووبەڕووبوونەوە و لەناوبردنی تیرۆر، بەڵام تا ئێستا شایستەکانی پێشمەرگە لە مووچە و خەرجییەکانی پڕچەککردن و ئامادەکردن و مەشقپێدانەوەی خەرج نەکراوە، سەرەڕای بوونی ژمارەیەك دەق لە ناو یاساکانی بودجەی فیدڕاڵی لەوەتەی ساڵی ٢٠٠٥ـەوە، کە ئەمەش وایکردووە وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرێمی کوردستان لەوەتەی ساڵی ٢٠٠٥ـەوە مووچەی پێشمەرگە بخاتە ئەستۆی خۆی، هەروەها لەوەتەی ساڵی ٢٠١٤ـەوە بە هەمان شێوە تێچووی جەنگی دژ بە داعشی لە ئەستۆ گرتووە سەرەڕای بوونی تەنگژەی دارایی بەهۆی ئەوەی لە شوباتی ٢٠١٤ـەوە پشکی هەرێمی کوردستان لە بودجەی گشتی فیدڕاڵ بڕاوە، هەروەها مووچەی پێشمەرگە لە ساڵی دارایی ٢٠١٩ و ٢٠٢٠ خەرج نەکراوە کە دەگاتە بڕی ٦٨ ملیار دیناری مانگانە، سەرباری ئەوەی لە خشتەی خەرجییە سیادییەکان بۆ ساڵی ٢٠١٩ جێگیر کراوە.

**نۆیەم:** هەرێم پێشتر و ئێستاش زیاتر لە ملیۆنێك ئاوارە و پەناهەندەی لە خۆ گرتووە، کە حکومەتی هەرێمی کوردستان تێچووی خەرجی ئەو ئاوارە و پەناهەندانەی لە هاووڵاتیانمان لە پارێزگاکانی تر لە ئەستۆ گرتووە بە تایبەت لە ڕووی چاودێری ئاسایش و تەندروستی و فێرکردن و دابینکردنی پێداویستی و پێویستییەکانی بژێویان لەوەتەی ساڵی ٢٠١٤، تەواوی ئەوانەش لە ڕاپۆرتی هاوپێچکراو خراونەتە ڕوو، کە هاوکات ڕوون کراوەتەوە حکومەتی فیدڕاڵ هیچ بەشدارییەکی نەکردووە.

**دەیەم:** حکومەتی فیدڕاڵ لەوەتەی شوباتی ٢٠١٤ـەوە تا ساڵی ٢٠١٩ شایستەکانی هەرێمی کوردستانی ڕەوانە نەکردووە، ئەمەش وایکردووە هەرێم پەنا بباتە بەر دۆزینەوەی سەرچاوە بۆ پارەدارکردن و خەرجی و پێداویستییەکانی لە میانی قەرز کردن و گرتنبەری تەقەشوف و ڕێکاری کەمکردنەوەی خەرجییە گشتییەکان و پاشەکەوتی ناچاری بە ڕێژەیەکی زۆر لە مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم، هاوکات لەگەڵ دابینکردنی خەرجی بۆ ژمارەیەکی گەورە لە پەناهەندە و ئاوارەکان و تێچووی جەنگی دژ بە تیرۆر، کە هەموو ئەمانە وایانکردووە هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی بارگرانییەکی گەورەی دارایی ببێتەوە، هاوکات هەرێم پشتوانی لە ساغکردنەوەی شایستەکان دەکاتەوە لە نێوان هەرێم و حکومەتی فیدڕاڵ بۆ هەموو ئەو ساڵانەی ڕابردوو، ئەمەش لە میانی میکانیزمگەلێك کە لە یاساکانی بودجەی گشتی فیدڕاڵ بۆ دیاریکردنی ماف و ئەرکەکانی هەر دوو لا ئاماژەی بۆ کراوە.

لە کۆتاییدا سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران بۆ حکومەتی فیدراڵ دووپات کردووەتەوە کە هەڵوێستی هەرێمی کوردستان نەگۆڕە و سیاسەتەکانی بۆ چارەسەرکردنی ئەم دۆسیەیە بە پێی دەستوور و یاسا و لەسەر بنەمای هاوبەشی دەبێت، داوا دەکەین لەسەر بنەمای ڕاسپاردەی هاوبەش کە هەر دوو لا لە ئەنجامی کۆبوونەوەی بەغدا لە ٢٠ی نیسانی ٢٠٢٠ لە نێوان نوێنەرانی (ئەمینداریەتی گشتی ئەنجومەنی وەزیران و نوێنەرانی وەزارەتی دارایی فیدراڵ و شاندی هەرێمی کوردستان) پێی گەیشتووین، چاو بەو ڕێکارە بخشێننەوە کە لە نووسراوی سەرەوەتان ئاماژەی بۆ کراوە، کە دیارە ناوەڕۆکی ئەم لێکتێگەیشتنە هاوبەشە ڕاسپاردەی ڕاگرتنی جێبەجێکردنی نووسراوەکەتان دەکات و داوای بەردەوامی خەرجکردنی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان دەکات وەك سەرجەم فەرمانبەرانی تری حکومەتی فیدراڵ، هاوکات لەگەڵ پێکهێنانی لیژنەیەکی هاوبەش لە نێوان هەر دوو لا بە بەشداری دیوانی چاودێری دارایی فیدراڵ و دیوانی چاودێری دارایی هەرێم بۆ دیاریکردنی ئەوەی لە ئەستۆی هەرێمدایە لە پابەندبوونەکان و مافەکانی لە ژێر ڕۆشنایی دەستوور و یاساکانی بودجەی فیدراڵی بۆ ساڵەکانی ٢٠١٤ تاکو ٢٠١٩ بە مەبەستی یەکلاییکردنەوەیان. هەروەها ئەم دەرفەتە دەقۆزینەوە بۆ دووبارەکردنەوەی هەڵوێستی نەگۆڕمان بە پابەندبوون بە لێکتێگەیشتنی هاوبەش کە لە چوارچێوەی ئامادەکردنی پڕۆژیاسای بودجەی گشتی فیدراڵ بۆ ساڵی دارایی ٢٠٢٠ لەسەری ڕێککەوتووین و تێیدا چارەسەری پابەندییە دارایی و نەوتییەکانی نێوان هەردوولامان کرد بە شێوەیەکی هاوسەنگ کە خزمەت بە بەرژەوەندی گشتی بکات، بۆیە ئومێدەوارین بگەینە چارەسەرێکی ڕیشەیی بۆ ئەو کێشە هەڵواسراوانە لە میانی گەیشتن بە ئامادەکردنی پڕۆژەیاسای فیدراڵی هاوبەش بۆ نەوت و غاز و دابەشکردنی داهاتەکان.

**هەروەها لەگەڵ نووسراوەکەشدا چەندین خشتە هاوپێچ کراون کە لێرەدا دەیانخەینە ڕوو، لەبەر گرنگی زانیارییەکانی نێویان:**

١- خشتەی ژمارە (١) خەرجییە ڕاستەقینەکان و خەرجییە جارییەکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی دارایی ٢٠١٩.

٢- خشتەی ژمارە (٢) خەرجییە ڕاستەقینەکانی تایبەت بە نەوت و غاز بۆ ساڵی دارایی ٢٠١٩.

٣- خشتەی ژمارە (٣) شایستەکانی هەریمی کوردستان بە گوێرەی یاسای بودجەی گشتی فیدراڵی بۆ ساڵی دارایی ٢٠١٩.

٤- خشتەی ژمارە (٤) تایبەت بە بڕی قەرەبووکردنەوەی زیانەکانی هەرێمی کوردستان لە ئەنجامی تاوانەکانی ڕژێمی پێشوو لە ساڵی ١٩٦٣ تاکو ساڵی ٢٠٠٣.

٥- ڕاپۆرتێکی تایبەت بە زانیارییە تایبەتەکان سەبارەت بە ژمارەی ئاوارە و پەناهەندەکانی هەرێمی کوردستان و تێچووەکانیان.

٦- خشتەی ژمارە (٥) پشکی هەرێمی کوردستان لە بودجەی گشتی فیدراڵ و بڕی ناردراو لە ساڵی ٢٠١٤ تاکو ٢٠١٩.

٧- خشتەی ژمارە (٦) خەرجییەکانی تایبەت بە بەهای کڕینی کارەبا لە هەرێم بە گوێرەی گرێبەستەکان لەگەڵ کۆمپانیاکانی (کار، قەیوان، فۆکس ئینەرجی، بەختیار گرووپ، ماس) کە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەو خەرجییانەی بە دۆلار بە وەبەرهێنەران داوە لە ساڵی ٢٠١٩.

٨- خشتەی ژمارە (٧) تایبەتە بە دیاریکردنی بڕی وزەی کارەبای ئامادەکراو بۆ پارێزگای کەرکووك کە لە لایەن هەرێمەوە سووتەمەنی پێویستی بۆ دابین کراوە.

## خشتەی ژمارە (١)

خەرجییە ڕاستەقینەکان و جارییەکانی هەرێم بۆ ساڵی دارایی ٢٠١٩ بە دیناری عێراقی.

| دابینکردن | کۆی مانگانە | ساڵانە |
|---|---|---|
| قەرەبووەکانی فەرمانبەران | ٨٩٥ ملیار دینار | ١٠.٧٤٠ تریلیۆن دینار |
| خەرجییە جارییەکان | ٢٤٨ ملیار دینار | ٢.٩٧٦ تریلیۆن دینار |
| خەرجییەکانی وەبەرهێنان | ٤٧ ملیار دینار | ٥٦٤ تریلیۆن دینار |
| کۆی گشتی | ١.١٩٠ تریلیۆن دینار | ١٤.٢٨٠ تریلیۆن دینار |

## خشتەی ژمارە (٢)

خەرجییە ڕاستەقینەکانی تایبەت بە نەوت و غاز بۆ ساڵی دارایی ٢٠١٩.

| ناونیشانی دۆکیومێنت | پارەی پەیوەندیدار بە نەوت |
|---|---|
| داتای وەشان | ٢٦ی نیسانی ٢٠٢٠ |
| سەرچاوەی دۆکیۆمێنت | ٢٠١٩ :ماوەی ڕێکەوت |

وردبینی سەربەخۆ بو خەرجی داهاتی نەوت و گاز

| بابەت | چ١، ٢٠١٩ | چ٢، ٢٠١٩ | چ٣، ٢٠١٩ | چ٤، ٢٠١٩ | ٢٠١٩ |
|---|---|---|---|---|---|
| پارەدان لەلایەن حکومەتی هەرێم بۆ بەرهەمهێنەرانی نەوت | ٧٥٦،٥٨١,٢٣٩ | ٦٥١،٣٩٥،٠٠٢ | ٨٨٨،١٦٩،٧٥٩ | ٢٤٠،٩٧٥،٢٩٠ | ٢،٥٣٧،١٢١،٢٩٠ |
| پارەدانی گومرگ بۆ کومپانیای وزەی تورکی (TEC) | ١٣٤،٩٩٦،٦١٩ | ١٢٩،٤٣٦،٢٩٣ | ١٤٢،٦٧٢،٥٥٧ | ٨٧،١٢٥،٨٤٦ | ٤٩٤،١٨٦،٣١٥ |
| پارەدان بۆ کۆمپانیای بۆڕی نەوتی کوردستان (KPC) | ١٢٢،٠٥٥،٠٦١ | ١٧٢،٥٧٨،٩٤٢ | ١٧٤،٥٧٢،١٢٥ | ١٧٥،١٦٦،٧٢٦ | ٦٤٤،٣٧٢،٨٥٤ |
| کۆمپانیای نەوتی (TEK) پارەدانەوەی قەرز بۆ (TPIC) نێودەوڵەتیی تورکی | ٣١٠،٠٠٠،٠٦١ | ٥٠،٠٠٠،٠٤٠ | ١٥٠،٠٠٠،٠٨٠ | ١٠٠،٠٠٠،٠٨٢ | ٦١٠،٠٠٠،٣٦٢ |
| پارەدانی حکومەتی هەرێم بۆ لایەنەکانی تر | ٥١٦،٧٩٠،٢٤٧ | ٦٤،٧٦٧،٢٧٩ | ٧٨،٩٨٢،٥٠٤ | ١٢٠،٩٤٦،٤٠١ | ٧٨١،٤٨٦،٤٣١ |
| کۆی گشتی | ١،٨٤٠،٤٢٣،٣٢٦ | ١،٠٦٨،١٧٧،٥٥٦ | ١،٤٣٤،٣٥٢،٠٢٥ | ٧٢٤،٢١٤،٣٤٥ | ٥،٠٦٧،١٦٧،٢٥٢ |

# خشتەی ژمارە (٣)

شایستەکانی هەریمی کوردستان بە گوێرەی یاسای بودجەی گشتی فیدڕاڵی بۆ ساڵی دارایی ٢٠١٩

| ژ | بڕ بە دیناری عێراقی | دابینکردن | بەڵگەی یاسایی |
|---|---|---|---|
| ١ | ٥ تریلیۆن و ٤٤٨ ملیار | قەرەبووەکانی ئەو فەرمانبەرانەی ژمارەیان بە ٦٨٢ هەزار و ٢١ فەرمانبەر دیاری کراوە | خشتەی (هاء) خەملاندنی بودجە بە گوێرەی هەژمارە سەرەکییەکان، خشتەی (ج) هێزی کاری ئەو وەزارەت و فەرمانگەیانەی لە ناوەندەوە مووچەیان پێ دراوە لە ساڵی ٢٠١٩. |
| ٢ | ٢ تریلیۆن و ٧٥٢ ملیار | خەرجییە جارییەکان (جگە لە قەرەبووی فەرمانبەران) | خشتەی (ب) خەرجییەکان بە گوێرەی وەزارەتەکان لە ساڵی ٢٠١٩ |
| ٣ | ١ تریلیۆن و ٥٨٤ ملیار | خەرجی پڕۆژەکانی وەبەرهێنان | خشتەی (ب) خەرجییەکان بە گوێرەی وەزارەتەکان لە ساڵی ٢٠١٩ |
| ٤ | 592 ملیار | خەرجی حاکمییە | خشتەی (د) خەرجی حاکمییە بۆ ساڵی ٢٠١٩ |
| ٥ | ٨١٦ ملیار | مووچەی پێشمەرگە لە چوارچێوەی خەرجییەکانی وەزارەتی بەرگری لە نەخشەی خەرجییە سیادییەکان | ماددەی (١٠/ دووەم/ب) |
| ٦ | ٦٠٧ ملیار | ١٢،٦٧% لەو بڕە پارەیەی لە زیادەی داهاتەکانی نەوتی خاو بە دەست هاتووە کە بڕەکەی بە (٤) تریلۆن دینار دادەنرێت | ماددەی (٥/ب) |
| ٧ | ٣٠٢ ملیار | شایستەی ئەو پارێزگایانەی لە هەرێمی نەوتیان لێ بەرهەم دەهێنرێت لە بەشی دابینکردنی پەترۆدۆلار بە گوێرەی ٥% لە داهاتی بەدەستهاتووی پشکی هەرێمی کوردستان لە هەناردەکردن کە بڕەکەی ٢٥٠ هەزار بەرمیل نەوتی ڕۆژانەیە | ماددەی (٢/ یەکەم/ ٥) |
| ٨ | ٤٨٠ ملیار | شایستەکانی هەرێمی کوردستان لە گەڕانەوەی دابینکردنی ڕێژەی ٥% لە داهاتی ڕسووماتی گومرکی | ماددەی (٩/سێیەم) |
| ٩ | ٣٦٠ ملیار | پڕۆژەکانی گرێبەستی گرێبەستەکانی کارکردن/ هەرێمی کوردستان | خشتەی هەژماردنی پشکی هەرێمی کوردستان لە کۆی گشتی بودجەی گشتی فیدڕاڵی بۆ ساڵی ٢٠١٩ |
| | کۆی گشتی شایستەکانی هەرێم | ١٢ تریلیۆن و ٨٤١ ملیار دینار | |

# پوختە

| جۆری زیانەکان | نرخ بە دۆلاری ئەمریکی |
|---|---|
| زیانە مرۆییەکان | ٣٠٦,٨٤٩,٩٥٠,٠٠٠ |
| زیانە ماددییەکان | ٣٢,٨٤٨,٣٥٢,٦٠٠ |
| زیانە ژینگەییەکان (دامەزراندنی سندووقێکی تایبەت) | ٥,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠ |
| زیانە ناڕاستەوخۆکان (دامەزراندنی سندووقێکی تایبەت) | ٥,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠ |
| زیانەکانی بەئەنقەست فەرامۆشکراوی ژێرخانی ئابووری | ٣٠,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠ |
| دووبارە ئاوەدانکردنەوە | ٥,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠ |
| کۆی گشتی | ٣٨٤,٦٩٨,٣٠٢,٦٠٠ |

## زیانە مرۆییەکان

| زیانە مرۆییەکان | ژمارەی قوربانی | ڕێژەی خەملێندراوی ماددی بۆ هەر قوربانی/ زیانبەرکەوتوویەك | کۆی گشتی بە ئەمریکی دۆلاری |
|---|---|---|---|
| قوربانییەکان لە پرۆسەکانی جینۆسایدی بە کۆمەڵ | ٢٠٠,٠٠٠ | ٣٠٠,٠٠٠ | ٦٠٠,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠ |
| قوربانیانی تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی و تاوانەکانی جەنگ | ٦٥,٠٠٠ | ٣٠٠,٠٠٠ | ١٩,٥٠٠,٠٠٠,٠٠٠ |
| بەزۆر زیانگەیاندن بە خاوەنی قوربانیان (دوو کەس لە هەر خێزانێکی خاوەن قوربانی) | ٥٣٠,٠٠٠ | ٩٠,٠٠٠ | ٤٧,٧٠٠,٠٠٠,٠٠٠ |
| پەککەوتن لە ئەنجامی پرۆسەکانی جینۆساید و جەنگ | ١٨,٧٠٠ | ١٥٠,٠٠٠ | ٢,٨٠٥,٠٠٠,٠٠٠ |
| زیندانیانی سیاسی لە سەردەمی ڕژێمەکانی پێشوو | ١٠,٠٠٠ | ١٠٠,٠٠٠ | ١,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠ |
| تەرحیلکراوەکان (بە گوێرەی ماددەی ١٤٠ ) | ٥١٦,٨٩٩ | ٥٠,٠٠٠ | ٢٥,٨٤٤,٩٥٠,٠٠٠ |
| گواستنەوەی بەزۆرەملێ لە سەردەمی ڕژێمەکانی پێشوو ( ٦٠٠,٠٠٠ ) خێزان | ٦٠٠,٠٠٠ | ٢٥٠,٠٠٠ | ١٥٠,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠ |
| کۆی گشتی | | | ٣٠٦,٨٤٩,٩٥٠,٠٠٠ |

زیانە ماددییەکان

| زیانە ماددییەکان | ژمارە | تێکرای گشتی یەکەی نیشتەجێبوون | تێکرا/ بە ژمارە | تێکرای خەملێندراوی ماددی بۆ هەر یەکەیەکی نیشتەجێبوون | کۆی گشتی بە دۆلاری ئەمریك |
|---|---|---|---|---|---|
| ناوەندی شارۆچکە و شارەدێ و گوند و لادێ | ٥,٠٠٣ | ٥٠ | ٢٥٠,١٥٠ | | ١٢,٥٠٧,٥٠٠,٥٠٠ |

## زیانە ماددییەکان

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ڕووخێنراو، سووتێنراو و وێرانکراوەکان | | | | | |
| قوتابخانەکان | ٨٣٤ | | ٨٣٤ | | ٢٩١,٩٠٠,٠٠٠ |
| پەرستگەکان | ١,٦٦٧ | | ١,٦٦٧ | | ٦٨٨,٤٧١,٠٠٠ |
| ناوەندەکانی تەندروستی | ٣٥٠ | | ٣٥٠ | | ٧٣,٥٠٠,٠٠٠ |
| کێڵگەی هەر ماڵێك | ٢٥٠,١٥٠ | | ٢٥٠,١٥٠ | | ١٢,٥٠٧,٥٠٠,٠٠٠ |
| ئاژەڵەکان | ٢٣,٧٣٤,٤٩٨ | | ٢٣,٧٣٤,٤٩٨ | | ٤,٧٤٦,٩٨١,٦٠٠ |
| ناوەندەکانی پۆلیس و بەرگری مەدەنی | ٦٥ | | ٦٥ | | ٣٢,٥٠٠,٠٠٠ |
| خزمەتگوزارییەکانی تر (کارەبا، پەیوەندییەکان، ئاو، ڕێگە و پردەکان) | | | | | ٢,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠ |
| **کۆی گشتی** | | | | | ٣٢,٨٤٨,٣٥٢,٦٠٠ |

## زیانەکانی تر:

| ژ | زیانەکان | کۆی گشتی بە دۆلار |
|---|---|---|
| ١ | **زیانە ژینگەییەکان (دامەزراندنی سندووقێکی تایبەت)**<br>ژینگەی زەمینی و هۆکارەکانی کەشوهەوا | 5،000،000،000 |
| ٢ | **ڕۆڵی زیانە ناڕاستەخۆکان (دامەزراندنی سندووقێکی تایبەت)**<br>زیانە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان و ئەوانی تر | 5،000،000،000 |
| ٣ | **زیانەکانی بەئەنقەست فەرامۆشکراوی ژێرخان**<br>فڕۆکەخانەکان، ڕێگە خێراکان، زانکۆکان و پەیمانگە و کۆلێژ و ناوەندە گشتییەکان | 30،000،000،000 |
| ٤ | **دووبارە ئاوەدانکردەوە** | 5،000،000،000 |
| **کۆی گشتی** | | 45،000،000،000 |

## تێبینی ١

| | |
|---|---|
| زیانگەیاندنی بەزۆرەملێی خاوەن قوربانییەکان (دوو کەس لە هەر خێزانێك) | چەندان نیشانەی درێژخایەن و تێکچوونی باری دەروونی و نەخۆشییە درێژخایەنەکان کە دووچاری خاوەنی قوربانییەکان بووەتەوە |
| پەککەوتن لە ئەنجامی پرۆسەکانی جینۆساید و جەنگەکان | چەندان نیشانەی درێژخایەن و تێکچوونی باری دەروونی و نەخۆشییە درێژخایەنەکان کە دووچاری کەسانی تری جگە لە خاوەنی قوربانیان بووەتەوە |
| زیندانیانی سیاسی لە ماوەی سەردەمی رژێمەکانی پێشوو (بە گوێرەی ماددەی ١٤٠) | بە پێی دەستووری ناوچە کوردستانییە جێ ناکۆك لەسەرەکان دەگرێتەوە |
| کۆچپێکردن و ڕاگواستنی بەزۆرەملێ لە سەردەمی ڕژێمەکانی پێشوو (تا ئێستا ٦٠٠ هەزار خێزان دەبێت) | ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە بە شێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە شوێنی خۆیان دەرکراون و بەزۆرەملێ چوونەتە ناوچەکانی تری عێراق یان دەرەوە |

## تێبینی ٢

| زیانە ماددییەکان (زیانی خاپوور کردن) | تێبینییەکان |
|---|---|
| گوند و شارۆچکە و شارەدێ و لادێ وێرانکراوەکان، سووتاوەکان و ڕووخێنراوەکان | موڵکیەتی نیشتەجێبوونی هەموو ئەو شوێنانە دەگرێتەوە، کە هەندێك ناوچە هەیە چەند جار ڕووبەڕووی تێکدان بووەتەوە لە میانی ئۆپەراسیۆنە جیاوازەکان |
| قوتابخانەکان | |
| پەرستگە ئایینییەکان | هەموو مزگەوت و شوێنی نوێژکردن و کەنیسە و دێرەکان دەگرێتەوە |
| ناوەندەکانی تەندروستی | هەموو یەکەیەکی تەندروستی دەگرێتەوە |
| کێڵگەی هەر ماڵێك | هەموو بێستان و کێڵگە و دارێکی بەردار و بێبەری هەر ماڵێك دەگرێتەوە |
| ئاژەڵی هەر ماڵێك | هەموو جۆرەکانی ئاژەڵ دەگرێتەوە |
| ناوەندەکانی پۆلیس و بەرگری شارستانی | |
| خزمەتگوزارییەکانی تر | سەرجەم وێستگەکانی پەیوەندی و گەیاندن و تۆڕەکان و وێستگەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا و ناوەند و تۆڕەکانی دابەشکردن و بیرەکانی ئاو و کارێزەکان و پرۆژەکانی پاڵاوتنی ئاو و بۆری گشتی و تایبەت و تۆڕەکانی دابەشکردنیان و ڕێگە و شەقامە ناوخۆییەکان و پردە فرەقەبارەکان و جۆرەکانیان دەگرێتەوە |

## تێبینی ٣

| زیانە ژینگەییەکان (دامەزراندنی سندووقێکی تایبەت | تێبینییەکان |
|---|---|
| ژینگەی زەمینی و هۆکارەکانی کەشوهەوا | سەرجەم دارستانە سروشتییەکان و ڕووبارەکان و زێیەکان کانیاو و کارێزەکان و لەوەڕگە سروشتییەکان و گردۆڵکە و تەپۆڵکە و بەردەڵان و ناوچە خۆڵییەکان و دەشتاییەکان و بیابانەکان و با و |
| | گەرمی و شێ و فشاری ئاسمانی و باران دەگرێتەوە کە هیچیان بە پارە ناخەمڵێندرێن بەڵکو دەبێت ڕێککەوتنیان لەسەر بکرێت |

## تێبینی ٤

| زیانە ناڕاستەوخۆکان (دامەزراندنی سندووقێکی تایبەت) | تێبینییەکان |
| --- | --- |
| زیانە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان و ئەوانی تر | لێکهەڵوەشانەوەی خێزان و هۆکارەکانی لەدەستدان و نەمانی پەیوەندی لە نێوان تاکەکان و بڵاوبوونەوەی کاریگەرییەکانی شۆکبوون و کاریگەرییە نەرێنییەکانی تر و نەمانی متمانە نەمانی هەستکردن بە ژیان و هەستکردن بە سووکایەتی پێ کردن و ژێردەستەیی و لەدەستدانی هەستی هاووڵاتیبوون و کاریگەری نەرێنی بەسەر لایەنی ئابووری و لێکەوتەکانی و دابەزینی ئاستی بەرهەم و بەرهەمهێنان و پشت بەستن بە دەرەوە و بڵاوبوونەوەی بێکاری و نەبوون و پێشکەشنەکردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکان. |

## تێبینی ٥

| زیانەکانی بەئەنقەست فەرامۆشکردنی ژێرخانەکان | تێبینییەکان |
| --- | --- |
| فرۆکەخانەکان | دامەزراندنی فرۆکەخانە لە پارێزگاکانی هەرێم |
| ڕێگا خێراکان | ڕێگا خێراکان و لاوەکییەکان و هێڵی شەمەندەفەر |
| زانکۆ و پەیمانگەکان | دامەزراندنی زانکۆ لە شارە گەورەکان و کردنەوەی پەیمانگە لە شارۆچکە و شارەدێکان |
| ناوەندە گشتییەکان | سەرجەم ناوەند و هەوارە گەشتیار و بازرگانییەکان و کارگەکانی بەرهەمهێنانی ئاژەڵی و کشتوکاڵی و ناوەندە گشتییەکانی تر دەگرێتەوە |

## تێبینی ٦

| دووبارە ئاوەدانکردنەوە (دامەزراندنی سندووقێکی تایبەت) | تێبینییەکان |
| --- | --- |
| دووبارە ئاوەدانکردنەوە (قەرەبووکردنەوەی دووبارە بونیاتنانەوە) | سەرجەم وێستگەکانی پەیوەندی و گەیاندن و تۆڕەکان و وێستگەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا و ناوەند و تۆڕەکانی دابەشکردن و بیرەکانی ئاو و کارێزەکان و پرۆژەکانی پاڵاوتنی ئاو و بۆری گشتی و تایبەت و تۆڕەکانی دابەشکردنیان و ڕێگە و شەقامە ناوخۆییەکان و پردە فرەقەبارەکان و جۆرەکانیان دەگرێتەوە |

## سەرچاوەی زانیارییەکان


١. وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان ٢. وەزارەتی پلاندانان - دەستەی ئامار

٣. وەزارەتی پێشمەرگە ٤. وەزارەتی ناوخۆ - بەڕێوەبەرایەتی کۆچ و کۆچبەران

٥. دەستەی ناوچە جێ ناکۆك لەسەرەکان (ماددەی ١٤٠)

# وەزارەتی ناوخۆ
# ناوەندی هەماهەنگی قەیرانە هاوبەشەکان

## تێچووی خزمەتگوزارییەکان کە پێشکەش بە ئاوارە و پەناهەندەکان کراوە
## لە هەرێمی کوردستان – عێراق
## لە ساڵی ٢٠١٤  تاوەکو ساڵی ٢٠٢٠

ڕاپۆرتی ژمارە (٨) لە ٢٠٢٠/٤/٢٧

## پێشەکی

دوای هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆیی لە سووریا لە ساڵی ٢٠١١، ژمارەیەکی زۆری هاووڵاتیانی سووریا بەرەو وڵاتانی دراوسێ کۆچیان کرد و ئاوارە بوون، کە لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٢دا نزیکەی (٢٥٠) هەزار کەسیان ڕوویان لە هەرێمی کوردستان – عێراق کرد و لە ژێر سەرپەرشتی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا مانەوە. لە ئێستادا ڕێژەی ٣٧٪ی ئەو ئاوارانە لە ٩ خێوەتگای پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆك نیشتەجێن، بەڵام ڕێژەکەی تریان لە ناوەندی پارێزگاکان دەژین. مایەی ئاوڕلێدانەوەیە ئەو هاووڵاتییە سوورییانە کاتێك ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کرد، هەموو شتێکی خۆیانیان بەجێهێشتبوو و بە تەنها پشتیان بە هاوکارییە مرۆییەکان دەبەست کە لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان و خەڵکی هەرێمی کوردستان و ڕێکخراوە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکانەوە پێشکەشیان دەکرا.

دوای هێرشی ڕێکخراوی تیرۆریستی داعش و داگیرکردنی شاری موصڵ و ژمارەیەك شاری تر لە ساڵی ٢٠١٤، دوای ماوەیەکی کەم ژمارەیەکی زۆری هاووڵاتیانی عێراق کە نزیکەی سێ ملیۆن کەس دەبوون لە سەرەتاکانی هێرشە داگیرکارییەکانی داعش ڕوویان ئاوارەی ناوچەکانی عێراق بوون و نزیکەی ملیۆنێکیان ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کرد، لە کۆی ئەو ژمارەیەدا ڕێژەی ٢٠٪یان لە ٣٨ خێوەتگا پێشوازی کران، ئەوانی تر بە ناو شار و شارۆچکە و شارەدێکانی هەرێمی کوردستان لە پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆك و هەڵەبجە و هەردوو ئیدارەی سەربەخۆی گەرمیان و ڕاپەڕین بڵاو بوونەوە.

دوای پرۆسەکانی ڕزگارکردنی ناوچە داگیرکراوەکانی ژێر دەسەڵاتی داعش لە لایەن هێزەکانی پێشمەرگە و سوپای عێراق، پرۆسەی ئاوارەبوون بە چەندین هۆکاری جۆراوجۆرەوە بەردەوام بوو، بە شێوەیەك لە ماوەیەکی کەمدا ژمارەیەکی تری هاووڵاتیان و خێزانەکان کە دەرفەتی دەربازبوونیان هەبوو پەنایان بردە بە ناوچە پارێزراوەکان، بەم شێوەیە ژمارەی ئاوارە عێراقییەکان بۆ نزیکەی پێنج ملیۆن و نیو کەس بەرز بووەوە لە ساڵی ٢٠١٦، بەم جۆرە ژمارەیان لە هەرێمی کوردستان بۆ نزیکەی ملیۆنێك و نیو بەرز بووەوە، ئەمەش وایکرد ڕێژەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان بە تێکڕای ٣٠٪ بەرز ببێتەوە.

ئەم بارودۆخە قورسە وایکرد قەیرانێکی مرۆیی لە ڕادەبەدەر لە هەرێمی کوردستان دروست ببێت و بووە هۆکاری زیانگەیاندن بە سێکتەرەکانی دارایی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و فشارێکی زۆری خستە سەر کەرتەکانی خزمەتگوزارییە جۆراوجۆرەکان.

بڕی تێچووی خەرجییەکان کە لە ماوەی پێنج ساڵدا پێشکەش بە ئاوارە و پەناهەندەکان

کراوە بە نزیکەی حەوت ملیار دۆلار دەخەمڵێندرێت، ئەمەش بە پشت بەستن بە پێوەرەکانی بانکی نێودەوڵەتی کە برەکەی بە ڕێژەی ٢.٦ دۆلار خەمڵاندووە بۆ هەر کەسێك لە کاتی تەنگژە و قەیرانەکاندا بە مەبەستی دابینکردنی خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکان لە نموونەی (دابینکردنی شوێنی نیشتەجێبوون، دابینکردنی خۆراك، خزمەتگوزاری تەندروستی، کەرتی پەروەردە، ئاو، کارەبا، پاکوخاوێنی، ئاسایش، بەڕێوەبردنی خێوەتگەکان و خزمەتگوزارییە یاساییەکان و ...). لەو کاتەی بەشێکی تری خزمەتگوزارییە بەردەستەکان زەحمەتە هەژمار بکرین بۆ نموونە بەکارهێنانی ڕێگەوبان و کەمبوونەوەی دەرفەتی کار و بەرزبوونەوەی نرخی کەلوپەل و بەرزبوونەوەی کرێ و زیادبوونی ڕێژەی بێکاری و هەڵکشانی ڕێژەی هەژاری بۆ نموونە (ڕێژەی هەژاری لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٤ تەنها ٣.٣ بوو، بەڵام لە ٢٠١٦ گەیشتە ١٣٪).

شیاوی ئاماژەیە ڕێژەی نزیکەی ٢٥٪ی ئەم خەرجییانە لە لایەن وڵاتانی بەخشەر لە ڕێگەی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتی و ڕێکخراوەکانی ناوخۆییەوە بەردەست خراوە، بەڵام ڕێژەکەی تر کەوتبووە ئەستۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە تا ئەمڕۆش هیچ بڕە بەخشینێکی دارایی لە لایەن وڵاتانی بەخشەر وەك هاوکاری مرۆیی و بە شێوەی نەختی و ڕاستەوخۆ بە حکومەتی هەرێمی کوردستان نەدراوە بۆ بەڕێوەبردنی قەیرانە مرۆییەکە لە

## نەخشەی (١)

| ساڵ | ژمارەی پەناهەندە | ژمارەی ئاوارە | کۆی گشتی پەناهەندە و ئاوارە |
|---|---|---|---|
| ٢٠١٤ | ٢٥٧,٠٠٠ | ١,٠٠٣,٠٠٠ | ١,٢٦٠,٣٠٠ |
| ٢٠١٥ | ٢٢٧,٢٠٧ | ١,٢٤٨,٠٢٤ | ١,٥٠٥,٠٢٤ |
| ٢٠١٦ | ٢١٩,٤٦٨ | ١,٤٥٢,٩٢٧ | ١,٦٧٢,٣٩٥ |
| ٢٠١٧ | ٢٧٣,٤٩٩ | ١,١٩٠,١٨٧ | ١,٤٦٣,٦٨٦ |
| ٢٠١٨ | ٢٨٤,١٣٢ | ١,١٢٧,٤٠٠ | ١,٤١١,٥٣٢ |
| ٢٠١٩ | ٢٤٧,٤٥٠ | ٧٩٢,٩١٥ | ١,٠٤٠,٣٦٥ |

## نەخشەی (٢)

خەرجی خزمەتگوزارییەکان بە ئاوارە و پەناهەندەکان/ بە دۆلاری ئەمریکی ٢٠١٤ تا ٢٠١٩

| ساڵ | پەناهەندە | ئاوارە | کۆی گشتی ساڵانە |
|---|---|---|---|
| ٢٠١٤ | ٢٤٠,٥٥٢,٠٠٠ | ٣٩١,٢٨٧,٠٠٠ | ٦٣١,٨٣٩,٠٠٠ |
| ٢٠١٥ | ٢١٢,٥٢٧,١٥٢ | ١,١٦٨,١٥٠,٤٦٤ | ١,١٨٩,٧٢٢,٦١٦ |
| ٢٠١٦ | ٢٠٥,٤٢٢,٠٤٨ | ١,٣٥٩,٩٣٩,٦٧٢ | ١,٥٦٥,٣٦١,٧٢٠ |
| ٢٠١٧ | ٢٥٥,٩٩٥,٠٦٤ | ١,١١٤,٠١٥,٠٣٢ | ١,٣٧٠,٠١٠,٠٩٦ |
| ٢٠١٨ | ٢٦٥,٩٤٧,٥٥٢ | ١,٠٥٥,٢٤٦,٤٠٠ | ١,٣٢١,١٩٣,٩٥٢ |
| ٢٠١٩ | ٢٣١,٦١٣,٢٠٠ | ٧٤٢,١٦٨,٤٤٠ | ٩٧٣,٧٨١,٦٤٠ |
| کۆی گشتی | | | ٧,٠٥١,٩٠٩,٠٢٤ |

# نەخشەی (٣)

خشتەی ژمارە (٣)

هاوکارییە داراییە پێشکەشکراوەکان لە لایەن حکومەتی فیدراڵی

| لایەنی بەخشەر | ٢٠١٤ | ٢٠١٥ | ٢٠١٦ | ٢٠١٧ | ٢٠١٨ | ٢٠١٩ |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| لیژنەی باڵای فریاکەوتن و دالدەدانی ئاوارەکان | ١٣٢ ملیار دیناری عێراقی. ١٤ ملیار بۆ هەولێر، ١٠١ ملیار بۆ دهۆك، ١٧ ملیار بۆ سلێمانی | | ٥٢ ملیار دینار بۆ دامەزراندنی کامپ لە نەینەوا، ٢٣ ملیار بۆ هەولێر، ٢١ ملیار بۆ دهۆك، ٨ ملیار بۆ سلێمانی ٣٠٠ ملیۆن دینار بۆ تەندروستی هەولێر ٩٦٢،٤٢٥،٠٠٠ ملیۆن دینار بۆ وەزارەتی ناوخۆ بۆ بەرێوەبردنی کامپەکان | | دابینکردنی بڕی ٢،٣٨٥،٠٠٠،٠٠٠ ملیار دینار بۆ بەرێوەبردنی کامپەکان لە ماوەی شەش مانگدا. | |
| کۆی گشتی | (١٨٤،٩٦٢،٧٢٥،٠٠٠) | | | | | |

مـاوەی ٢٠١٤ تاوەکـو ٢٠١٩.

**تێبینی:**

١. ئەو بڕە پارەیەی ئاماژەی بۆ کراوە بە ئاگاداری وەزارەتی ناوخۆ ڕەوانە کراوە.

٢. بڕی دابینکراو بۆ ساڵی ٢٠١٨ سەرەڕای ئەوەی ڕەزامەندی لەسەر دراوە، بەڵام تا ئێستا نەگەیشتووە.

## هاوکارییە نێودەوڵەتییەکان:

لـە سـەرەتای قەیرانـی مرۆیـی لـە سـووریا و گەیشـتنی ئـاوارەکان بـۆ هەرێمـی کوردسـتان لـە سـاڵی ٢٠١٢، کـە پاشـان شـەپۆلێکی تـری ئـاوارە ڕوویـان لـە هەرێمـی کوردسـتان کـرد لـە سـاڵی ٢٠١٤، وڵاتانـی بەخشـەر و کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی بـە شـێوەیەکی گشـتی و لـە ڕێگـەی نەتـەوە یەکگرتـووەکان ڕێکخـراوە نێودەوڵەتـی و ناوخۆییەکانـەوە کـە ڕۆڵـی گەورەیـان هەبـوو لـە دابینکـردن و پێشکەشـکردنی بەشـێکی هاوکارییـە مرۆییـەکان گەیاندنـی هاوکارییـە بەپەلەکانیـان و دامەزرانديـن کامـپ و پێشکەشـکردنی خزمەتگوزارییـەکان بـە تایبـەت لـە کامپـەکان لـە ڕێگـەی پێشکەشـکردنی خزمەتگوزارییـەکان و جێبەجێکردنـی پـرۆژە خزمەتگوزارییـەکان و هاوکارییـە تەکنیکییـەکان و کردنـەوەی خولـی مەشـق و پێشکەشـکردنی دارایـی بـە پەناهەنـدە و ئـاوارەکان و کادری کارکـەری حکومـی لـە کامپـەکان. لەگـەڵ ئـەوەدا هاوکارییـە مرۆییـەکان کـە لـە لایـەن وڵاتانـی بەخشـەر پێشـکەش کـرا، توانـی بەشـێکی پێداویسـتییەکان کـە لـە خشـتەی ژمـارە (٢) ئامـاژەی بـۆ کـراوە پـڕ بکاتـەوە کـە نزیکـەی ٧ حـەوت ملیـار دۆلار بـوو، کـە دەکاتـە ڕێـژەی تەنها ٢٥٪. لـە هەمـان کاتـدا ڕێـژەی نزیکـەی ٥٪ـی کـۆی خەرجییـەکان لـە لایـەن دامەزراوەکانـی گەشـەپێدانی نێودەوڵەتـی پێشـکەش کـرا، هـاوکات نزیکـەی ٧٠٪ـی تـر کەوتـە ئەسـتۆی حکومەتـی هەرێمـی

کوردستان، کە تا ئێستا هیچ بڕە پارەیەکی نەختی و ڕاستەوخۆ لە لایەن وڵاتانی بەخشەر بە حکومەتی هەرێمی کوردستان نەدراوە، جگە لە وڵاتی قەتەڕ کە بڕی دوو ملیۆن یۆرۆی بە شێوەی نەختی و ڕاستەوخۆ لە ساڵی ٢٠١٥ بە حکومەتی هەرێمی کوردستان دا بۆ بەڕێوەبردنی تەنگژەی مرۆیی.

## خشتەی ژمارە (٤)

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| **٢٠١٦** | %١٧ | ١٢،٥٧٠،٠٠٠ | | ١٢،٥٧٠،٠٠٠ |
| **٢٠١٧** | %١٧ | ١١،٦٠٥،٠٢٨ | | ١١،٦٠٥،٠٢٨ |
| **٢٠١٨** | ١٢،٦٧ | ٦،٧٦٧،١٧٣ | ٣،١٧٥،٤٠٣ | ٣،٥٩١،٧٧٠ |
| **٢٠١٩** | ١٢،٦٧ | ٩،٧٨٣،٠٢٦ | ٥،٤٣٩،١٣٠ | ٤،٣٤٣،٨٩٦ |
| **کۆی گشتی** | | ٧٥،٥٤١،٨٤٣ | ١٢،٣٧٠،٥٣٣ | ٦٢،١٧١،٣١٠ |

## خشتەی ژمارە (٥)

| ساڵ | تێکڕای ئامادەکرا و MW | نرخ بە دۆلار MW-HUR | بڕی دراو بە دۆلار لە لایەن بەغدا | غازی بەکارهاتوو کە هەرێم تەرخانی کردووە | بڕی پێدراو بە هەرێمی کوردستان بە دۆلار | بڕی بەکارهێنانی دیزل لە لایەن هەرێم بە لیتر | بڕی پێدراو لە لایەن هەرێم | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٢٠١١ | ٩٣ | ٦٥ | ٢٨،٠٠٠،٤٤٠ | ٩٣،٠٤٨ | ١٢،٩٢٣،٢٨٠ | ١٢٣،٩١٩،٨٩٦ | ٦١،٩٥٩،٩٤٨ | ڕۆژی دەستپێك ٢٠١١/٦/٢٠ |
| ٢٠١٢ | ٢٢١ | ٦٥ | ١٢٥،٨٣٧،٤٠٠ | ٤١٨،١٦٧ | ٥٨،٠٧٨،٨٠٠ | ٥٥٦،٩١١،١٦٠ | ٢٧٨،٤٥٥،٥٨٠ | |
| ٢٠١٣ | ٢٣٦ | ٦٥ | ١٣٤،٣٧٨،٤٠٠ | ٤٤٦،٥٥٠ | ٦٢،٠٢٠،٨٠٠ | ٥٩٤،٧١٠،٥٦٠ | ٢٩٧،٣٥٥،٢٨٠ | |
| ٢٠١٤ | ٢٢١ | ٦٥ | ١٢٥،٨٣٧،٤٠٠ | ٤١٨،١٦٧ | ٥٨،٠٧٨،٨٠٠ | ٥٥٦،٩١١،١٦٠ | ٢٧٨،٤٥٥،٥٨٠ | |
| ٢٠١٥ | ٢٣٠ | ٦٥ | ١٣٠،٩٦٢،٠٠٠ | ٤٣٥،١٩٧ | ٦٠،٤٤٤،٠٠٠ | ٥٧٩،٥٩٠،٨٠٠ | ٢٨٩،٧٩٥،٤٠٠ | |
| ٢٠١٦ | ٢٠٢ | ٦٥ | ١١٥،٠١٨،٨٠٠ | ٣٨٢،٢١٦ | ٥٣،٠٨٥،٦٠٠ | ٥٠٩،٠٣١،٩٢٠ | ٢٥٤،٥١٥،٩٦٠ | |
| ٢٠١٧ | ١٩٢ | ٦٥ | ١٠٩،٣٢٤،٨٠٠ | ٣٦٣،٢٩٥ | ٥٠،٤٥٧،٦٠٠ | ٤٨٣،٨٣٢،٣٢٠ | ٢٤١،٩١٦،١٦٠ | |
| ٢٠١٨ | ٧٠ | ٦٥ | ٣٩،٨٥٨،٠٠٠ | ١٣٢،٤٥١ | ١٨،٣٩٦،٠٠٠ | ١٧٦،٣٩٧،٢٠٠ | ٨٨،١٩٨،٦٠٠ | |
| ٢٠١٩ | ١٠٥ | ٦٥ | ٥٩،٧٨٧،٠٠٠ | ١٩٨،٦٧٧ | ٢٧،٥٩٤،٠٠٠ | ٢٦٤،٥٩٥،٨٠٠ | ١٥٨،٢٥٧،٤٨٠ | |
| ٢٠٢٠ | ١٠٥ | ٦٥ | ١٩،٦٥٦،٠٠٠ | ٦٣،٣١٨ | ٩،٠٧٢،٠٠٠ | ٨٦،٩٩٠،٤٠٠ | ٤٣،٤٩٥،٢٠٠ | تا ٢٠٢٠/٤/٢٥ |
| کۆی گشتی | ١٦٧.٥ | ٦٥ | ٨٨٨،٦٦٠،٢٤٠ | ٢،٩٥٣،٠٨٦ | ٤١٠،١٥٠،٨٨٠ | ٣،٩٣٢،٨٩١،٢١٦ | ١،٩٩٢،٩٠٥،١٨٨ | |

**تێبینی:**

شایستەی کۆمپانیاکان لە لایەن حکومەتی عێراقەوە دراوە هەروەها بڕی سووتەمەنی غاز بۆ بەرهەمهێنان دابین کراوە کە دەکاتە بڕی ٤١٠،١٥٠،٨٨٠ دۆلار، کە ئەگەر بە دیزل هەژمار بکرێت بڕەکەی دەکاتە ١،٩٩٢،٩٠٥،١٨٨ دۆلار لە ماوەی ٢٠١١/٦/٢٠ تا ٢٠٢٠/٤/٢٥.

## خشتەی ژمارە (٦)

### خشتەی شیکاری پشکی هەرێمی کوردستان لە بودجەی گشتی عێراق و بڕی دراو بە هەرێمی کوردستان

| وێستگە | وزەی نەخشەیی وێستگە MW-HUR | وزەی بەرهەمهێنانی ڕاستەقینەی وێستگە -MW HUR | جۆری سووتەمەنی بەکارهاتوو | یەکە | بڕی سووتەمەنی بەکارهاتوو | نرخی سووتەمەنی بە دۆلار | بڕی پێدراو لە لایەن هەرێم بە دۆلار | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| دهۆك | ١٠٠٠ | ١١٥ | دیزڵ | لیتر | ٢٨٩،٧٩٥،٤٠٠ | ٠.١ | ١٧٣،٨٧٧،٢٤٠ | بەهۆی نەبوونی غاز و هێڵی گواستنەوە |
| باعەدرێ | ١٥٠ | ١٣٢ | نەوتی ڕەش | تۆن | ٢٤٠،٩٠٠ | ٢٠٠ | ٤٨،١٨٠،٠٠٠ | بە نەوتی ڕەش کار دەکات |
| تاسڵووجە | ٥١ | ٣٠ | نەوتی ڕەش | تۆن | ٥٤،٧٥٠ | ٢٠٠ | ١٠،٩٥٠،٠٠٠ | بە نەوتی ڕەش کار دەکات |
| خەبات | ٣٠٠ | ١٥٩ | نەوتی ڕەش | تۆن | ٢٩٠،١٧٥ | ٢٠٠ | ٥٨،٠٣٥،٠٠٠ | بە نەوتی ڕەش کار دەکات |
| کەرکووك | ٢٥٠ | ١٠٥ | دیزل | لتر | ٢٦٤،٥٩٥،٨٠٠ | ٠.٦ | ١٥٨،٧٥٧،٤٨٠ | بەهۆی نەبوونی غاز و مەرجی گرێبەست |

**تێبینی:**

دەتوانرا لە بری ٥٤١ مێگاوات بڕی ١٧٥١ مێگاوات کارەبا لەم وێستگانە بەرهەمهێنرابووایە، بەڵام بەهۆی قەیرانی دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان نەیتوانی بڕی پێویستی پارە بۆ تەواوی کڕینی سووتەمەنی دابین بکات.